# دەستپێکردنەوەی تەعریب، بەشێوازێکی نوێ

**دلێر کریم**

ڕژێمی بەعس هەر لە سەرەتای هاتنە سەر دەسەڵاتییەوە تا پرۆسەی ئازادی عێراق و نەمانی دەسەڵاتە ڕەهاکەی، بەردەوام ویستوویەتی پیرۆزی و قارەمانێتی و شایستەیی و( ئەفزەلیەتی)، کەسێك یان چەند کەسێك یان گروپێك، یان نەتەوەو مەزهەب و ئاینێك بدات بەسەر گروپ و دەستەو تاقم، ونەتەوەو مەزهەب و ئاینێکی تردا، بەعس، ساتێك دەیوویست هەموو گەلی عێراق بکاتە عەرەب، ساتێکی تر، ئارەزووی دەکرد، هەموو عێراق بکاتە بەعسی، زۆر هەوڵی دا بۆ ئەوەی ئەفزەلیەتی ناوچەیەك بدات بەسەر ناوچەیەکی تردا، لەسەر دەمی بەعسدا، ئەگەر خەڵکی تکریت بووایەیت، دەتوانی شتی زۆر مەحاڵیش بکەیت، ئەگەر ئۆتۆمبێلی ژمارە تکریتت پێ بووایە، لە بازگەکان ڕایان نەدەگرتی، بەعس بەشێوەیەك شیرازەی عێراقی تێکدابوو، ئاسان نەبوو و نییە بتوانی بە ئاسانی پێکهاتە ئاڵۆزەکەی عێراق لە ڕووی نەتەوەیی و دینی و مەزهەب و ئەحزابەوە، دیاری بکەیت بە بەراورد لە ڕووی بەعسی بوون و بەعس نەبوونەوە، شیعەیەکی بەعسی، لە سوننەیەکی نا بەعسی ڕۆڵی زیاتر بوو، کوردێکی بەعسی، لە عەرەبێکی نابەعسی، خۆشەویست تربوو، مەسیحی یەکی بەعسی، لە ئیسلامێکی نابەعسی، دەست ڕۆیشتووتربوو، هەموو ئەمانە پلە بەپلە ئەژمار دەکران، واتا عەرەبێکی سوننەی بەعسی، ئەکرا بە پلەیەك لەسەرووی ئەوانەی سەرەوە بووایە، لەناو ئەو عەرەبە سوننە بەعسیانەشدا درندەیەکیان ڕێزدارتربوو، لە مرۆڤ دۆستێکیان، ئەگەر مرۆڤ دۆستیان تیابووایە، تەعریب بۆ بە عەرەب کردنی ناوچە نا عەرەبەکان دەکرا، تەبعیس بۆ بە بەعسی کردن، ڕژێم ئەو پرۆسانەی لە ساتێکدا ئەنجام دەدا کە دەستی سووربووە بەخوێنی هەزاران لاوو پیری ئەم وڵاتەو سڵی لە هیچ تاوان و ئەشکەنجەیەك نەدەکردەوە، ئەوەی ئەمڕۆ(دوای ڕووخانی دەسەڵاتی بەعس) بەدی دەکرێت، دەستپێکردنەوەی تەعریبە بە شێوازێکی نوێ، بەعس بەزۆر عارەبی دەهێنا بۆ ناوچە کورد نشینەکان و مڵك و زەوی و زاری لێ تاپۆ دەکردن و یارمەتیەکی زۆری عەرەبەکانی دەداو کوردی دەردەپەڕان، کوردیش ئەمەی پێ ناخۆش بوو، بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی تێکچوونی باری ئاسایشی شارو شارۆچکە عەرەب نشینەکانەوە، ماڵ و خێزانێکی زۆری عەرەب ڕوویان کردۆتە ناوچە کورد نشینەکان و دووریش نییە تەبعیسیش دەست پێبکاتەوە، دیارە هاتنی بەلێشاوو بەرنامە ڕێژنەکردن و لێ وورد نەبوونەوە لە ڕووی ژمارەو ڕابردووەوە، ئاسەواری خراپی دەبێت، ڕەنگە خاڵی ئیجابی هەبێ، بەڵام سلبیاتەکەی زیاترە، سەیرە، لە کوردستان خەڵك کۆچ دەکات بۆ ئەوروپا، لەناوەڕاست وخوارووی عێراقیشەوە خەڵك کۆچ دەکات بۆ کوردستان، ئەو تەعریبەی پێشتر دژی دەوەستاینەوەو لێی دەترساین، ئەمڕۆ خۆشحاڵمان دەکات و باوەشی بۆ دەگرینەوە، ڕۆژگارێك گەنجی کورد لەکوردستانەوە دەچوو بۆ بەغداد بۆ ئیش کردن و پەیداکردنی بژێوی ژیان، ئەمڕۆ بەلێشاو عارەبی خواروو ناوەڕاست دێن بۆ کوردستان، زیادبوونی ڕێژەی دزی کردن و دیاردەی لەشفرۆشی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە، جێگەی پرسیارە، ئەوەی من ناتوانم لێی تێبگەم بێدەنگی و کەم تەرخەمی حکومەتی کوردیە لەم دیاردەیەو شرۆڤەکردنی دەرەنجامەکانی، لەوەش زیاتر ئامێزگرتنەوە بۆ ئەم دیاردەیە لەلایەن دەسەڵاتەوە جێگەی گومانە، هەڵبژاردنی جێگەی ژیان و گوزەران لە لایەن خەڵکەوە، زۆر ئاساییە بۆ وڵاتێکی وەك عێراق، کە من بۆ خۆم لەگەڵ هەڵبژاردنی جێگەی گوزەرانی ئازاد دام، ئەو ڕەوشە ئەمنیە ئاڵۆزەش کە لەناوەڕاست و خواری عێراقدا هەیە، لێمان دەخوازێت ئامێز بۆ قوربانێکانی بگرینەوەو یارمەتیان بدەین، بەتایبەت بۆ ئێمەی کورد کە کارەساتە یەك لەدوای یەکەکان زەلیلی کردین، دەبێت وەك چۆن ئێران و تورکیا یارمەتیمانیان دا لەکاتی کۆڕەوەکەداو جێگەیان کردینەوە، ئێمەش وا میهرەبان بین، بەڵام بەبەرنامەو شێوازێك کە زیانی زۆرترنەبێت لە سوودەکەی.